# بنکەی سەربازی هەریر لە سنووری پارێزگای هەولێر بەردوومانکرا

بنکەی سەربازی هەریر بەردوومانکرا.

بەیانی ئەمڕۆ هەینی (17ــی تشرینی دووەمی 2023)، دەزگای دژە تیرۆری هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە بنکەی سەربازی هەریر لە سنووری پارێزگای هەولێر بە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کرایە ئامانج.

لە لێدوانێکی دژەتیرۆر هاتووە، ئەمڕۆ هەینی کاتژمێر 10:25، لە ڕێگەی درۆنێکی بەمبەڕکراوەوە هێرش کرایە سەر فڕۆکەخانەی هەریر لە پارێزگای هەولێر کە پێشتر فڕۆکەخانەکە وەک بنکەیەکی سەربازیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بەکار دەهات.